گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ناسنامە لە عێراقی دوای 2005

## (توێژینەوەی هەڵێنجراو)

**پ. د. صالح عمر عيسى**

بەشی سیستەمە سیاسیەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان – عێراق.

Salih.issa@su.edu.krd

**احمد بابكر احمد**

بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق

Ahmed.babakr@lfu.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٥/٩/٧

پەسەندکردن:٢٠٢٥/١٠/٣٠

بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**

*Iraq, identity, religion, Shi'ism and culture.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.3.23

**پوختە**

عێراق لە دوای 2005 کەوتە قۆناغێکی نوێوە، عێراقی نوێ تەنها گۆڕانکاری نەبوو لە سیستەمی سیاسی یان نوخبەی دەسەڵات، بەڵکو گۆڕانکاری بوو لە تەواوی پرس و بابەتەکان ئەوە کە گرنگە و پرسی توێژینەوەی ئێمەیە گۆڕانی ناسنامە بوو لە عێراق، تا پێش رووخانی رژێمی سیاسی لە عێراق لە 2003 ناسنامەی سوننە نوێنەرایەتی عێراقی دەکرد، بەڵام لە دوای ئەوکاتەوە بە داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە ئەو ناسنامەیەی نوێنەرایەتی عێراقی دەکرد گۆڕدرا بۆ ناسنامەی شیعە کە تەواو نوێنەرایەتی عێراق و تەواوی بەرنامەی سیاسی و رەفتار و رەهەندەکانی دەکات. ئەو ناسنامەیە نوێیە لە عێراقی نوێدا لە رەگەز و پێکهێنەری جیاواز پێك دێت کە لەم توێژینەویەدا لێکۆڵینەوەی لەبارەوەیە دەکرێت ئەوانیش: ئایین، مەزهەب و کەلتوورە. ئەوە بەومانایە ناهێت کە ئەو ناسنامەیە رەگەز و پێکهێنەری تری نەبێت، بەڵام ئێمە ئەو سێ رەگەزەمان لەو توێژینەوەیە وەرگرتووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

ئەو گۆڕانەی لە عێراق روویدا لە 2003 بووە هۆی گۆڕانکاری لە ناسنامەی سیاسی، بەمەش ئەو ناسنامەی پێشتر لەلایەن رژێمی پێشوو دەچەوسێندرایەوە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییەوە بۆتە ناسنامەی سەرەکی عێراق وەك کۆمەڵگەی سیاسی، ئەو ناسنامە شیعەیە حوکمرانی عێراقن و ئاراستە و رەفتارەکانی دەوڵەت دیاری دەکات. ئەو ناسنامەیەش رەگەز و پێکهێنەری هەیە، ئایین، ئایینزا (مەزهەب) و کەلتوور رۆڵی گرنگیان لە پێکهێنانی ئەو ناسنامەیەدا هەیە، عێراقی دوای 2005 جیاوازترە لە عێراقی پێش 2005 ئەمەش تەنها لەبەر ئەوە نا کە دەستەبژێری یان خودی رژێم گۆڕاوە، بەڵکو گۆڕانە بنەڕەتییەکە بریتییە لە گۆڕان لە ناسنامەی سیاسی وڵات گۆڕانی ئەو ناسنامەیەش کاریگەری هەیە لەسەر سیاسەتی گشتی وڵات. لەم توێژینەوە تیشك خراوەتە سەر سێ رەگەز کە کاریگەری هەیە لەسەر پێکهێنانی ناسنامە لە عێراقی نوێدا، ئەو ناسنامەیەی وای لە عێراق کرد بەجۆرێکی تر سەیری وڵاتان بکات و سیاسەت و رەفتاری بکات.

## گرنگی توێژینەوە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، ئەم توێژینەوە رۆڵ و گرنگی چەند رەگەزێکمان بۆ دەردەخات کە کاریگەری هەیە لەسەر پێکهێنانی ناسنامە لە عێراقی نوێدا، دەریدەخات کە ئایین، ئایینزا (مەزهەب) و کەلتوور رۆڵیان هەیە لە پێکهێنانی ئەو ناسنامەیە.

## گرفتی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە دەرخەری ئەو رەگەز و پێکهێنەرانەیە کە ناسنامەی عێراقیان لە دوای 2005 پێکهێناوە، ئەو ناسنامەیە بەبێ کاریگەری نەبووە رۆڵی فاکتەری ئایین، ئایینزا (مەزهەب) و کەلتوور لە پێکهێنانی ناسنامە روون دەکاتەوە. هەروەها دەسەڵاتدارانی شیعە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە لەبری کارکردن بۆ دارشتنی بنەماکانی هێنانەکایەوەی ناسنامەی نیشتیمانی، بە رژدی و بە بەرنامە لەسەر هەموو ئاستەکانی یاسایی و ڕامیاری وکەلتووری و سەربازی و

ئابووری و ....هتد، کارلەسەر سەپاندن و چەسپاندنی بنەماکانی ئاییزای شیعە دەکەن، ئەمەش ڕێگرە لە هاتنەکاتەوەی ناسنامەی نیشتیمانی وکاریگەری نەرێنی لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی عێراق بە جێهێشتووە.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجمان لەم توێژینەوەیەدا دیاریکردنی ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی ناسنامەیە لە عێراقی نوێدا، لێکۆڵینەوە لەو ڕەگەزانە دەکەین کە ناسنامەیان پێکهێناوە.

## پرسیاری توێژینەوە:

ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی ناسنامەی سیستەمی سیاسی و دەوڵەت لە دوای 2005 چین و چۆن کاریگەری لەسەر ناسنامەی نوێدا دروست کردووە؟ ئایا ئایین، ئاییزا و کەلتوور چ ڕۆڵێکیان لە پێکهێنانی ناسنامەی نوێدا هەبووە؟

## گریمانەی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا گریمانەی ئەوە دەکەین کە ئایین، ئاییزا (مەزهەب) و کەلتوور کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر پێکهێنانی ناسنامەی نوێی عێراق لە دوای 2005.

## میتۆدی توێژینەوە:

بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی ناسنامە لە عێراقی نوێدا پشتمان بە میتۆدی وەصفی – شیکاری بەستووە، بۆ شیکارکردن و دەرخستنی ڕۆڵی فاکتەر و ڕەگەزەکان لەسەر ناسنامەی عێراق دوای 2005. بەو مانایەی جەخت کراوەتە سەر شیکاری ڕامیاری.

## پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە دابەشی سەر سێ باس کراوە لەگەڵ پێشەکیەك کە هەموو پێداویستیەکانی پێشەکی لەخۆ گرتووە دواتر دەرئەنجامەکانیش خراوەتەڕوو.

لە باسی یەکەمدا باس لە ئایین کراوە وەك رەگەزێك لە پێکهێنانی ناسنامە، لە باسی دووەمدا تیشکخراوەتە سەر ئایینزا (مەزهەب) وەك پێکهێنەری ناسنامە لە عێراقی نوێدا هەروەها لە باسی سێیەمدا رەگەزی کەلتوور ڕوون کراوەتەوە کە چ رۆڵێکی هەیە لە پێکهێنان و دروستکردنی ئەو ناسنامەیە.

## باسی یەکەم: ئایین

ئایین توخمێکی گرنگە کە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە هەستکردن بە بەهای بوونیان بۆ تاکەکان، "مانایەک کە وایان لێدەکات لە بوونەوەرەکانی تر جیاواز بن، و بەم شێوەیە خۆیان وەک سەرمایەی سنووردار لە جیهانێکی بێسنووردا ئاگادار بکەن (فیلالی، 1997، ص11) و خۆیان پێ لەوانی تر جیابکەنەوە و خۆیان لە پیناسەیەکدا پێ بناسنەوە. شوناسی ئایینی "شێوازێکی شوناسە کە لەسەر بنەمای ئینتیما بۆ بیروباوەڕێکی ئایینی پێک هاتووە، کە لەلایەن مەزهەبێکی ئایینییەوە نوێنەرایەتی دەکرێت (کوثرانی، 2010، ص 11). ئایین فاکتەری یەکلاکەرەوەیە لە بنیاتنان و پێکهێنانی ناسنامەی دەوڵەت. پەیوەندی شوناسی ئایینی بە ئایینەوە بە دەقە ئایینییە پیرۆزەکان دیاری دەکرێت کە بەهایەکی پیرۆزی و سیمبولی ڕەها و پیرۆز و بێلایەن بە ناسنامەی ئایینی دەبەخشێت و بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی سەرەکی و تایبەتمەندی کە لە ناسنامەکانی تر جیا دەکاتەوە، لە دەستووری وڵاتیش ئەمە یەکلا دەکرێتەوە کە ئایا ئاین چ کاریگەریەکی لە پێناسەی ئەو دەوڵەتەدا هەیە؟ لە دەستووری عێراقیش ساڵی 2005 بایەخ و گرنگی ئایین دیاریکراوە.

ئەگەر ئینتیمای ئایینی یان دڵسۆزی مەرجێکی پێشوەخت بێت بۆ تەواوبوونی مانای ناسنامەی ئایینی، گرنگە ئەم ئینتیمایە تەنها دروشمێک نەبێت، بەڵکو لە ڕاستیدا لەسەر زەوی بەرجەستە بکرێت، بەو مانایەی کە پەیڕەوانی ئایین بە تەواوی سەرقاڵ بن بە ئایینی پاک، پەیوەست بن بە پەرستن و باوەڕی ڕۆحی و بەهاکان کە لە پەرتووکی پیرۆزەوە ئیلهام وەرگیراون، و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ملکەچی یاساکانی باوەڕ بن کە بە خواستی ئازاد و سەربەخۆی خۆیان بەبێ زۆرەملێ هەڵیدەبژێرن (حرب، 2008، ص 63). هێزە ئایینییە جەماوەریەکان لە عێراق دوایساڵی 2003 ەوە ڕۆڵیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا زیادیکرد، ئێستا ژیان و هەڵسوکەوتی هەندێک کەسیان کۆنترۆڵ کردووە، و ڕۆڵیان لە دارشتنی ناسنامەدا هەبووە (العنبر، 2023).
لە دەستووری عێراق ساڵی 2005 ماددەی دووەمدا هاتووە کە ئیسلام ئایینی فەرمی دەوڵەتە و سەرچاوەی سەرەکی یاسا دانانە. لە برگەی یەکەمی هەمان ماددەدا دەڵێت: دەرکردنی یاسایەک کە پێچەوانەی بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام بێت ڕێگە پێدراو نییە. کەواتە عێراق ناسنامەکەی وڵاتێکی ئیسلامیە و پیناسەی خۆی کردووە بە وڵاتێکی ئیسلامی و نابێت یاساکانیش پێچەوانەی ئەحکام و بنەماکانی ئیسلام بن (دەستووری عێراق، 2005، مادده 2). هەروەها لە ماددەی سێیەمدا دەڵێت: عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەیی و فرە ئایینی و مەزهەب و دامەزرێنەر و ئەندامێکی چالاک لە کۆمکاری عەرەبییە، پابەندە بە دەستوورەکەی و بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی (دەستووری عێراق، 2005، مادده 3). ئەم ماددەیە ئاماژە بە کۆتاییهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی، کە لە سەر بنەمای ناسنامەی یەک گروپ بنیات نراوە، مانای دامەزراندنی دەوڵەتێکی پلوورالیستی و ڕێزگرتن لە جیاوازی لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی ئەو پەراوێزخستنەی کە لە سەردەمی پێشوودا زاڵ بووە.
ڕێو ڕەسم و کرداری ئایینی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە پێکهێنان و برەودان بە ناسنامەی ئایینی، چونکە ڕێورەسم وا لە تاک دەکات هەست بە ئینتیما و ناسنامەی کۆمەڵی خۆی بکات (حرب، 2008، ص 63) . کەواتە، ناسنامەی ئایینی لەگەڵ ڕێورەسمی ئایینی یەکدەگرێتەوە و بنەما ئایینیەکان، بەها و ڕەوشتەکان کە تاکەکان باوەڕیان پێیەتی و پەیڕەوی دەکەن.
ئایین زیندوێتی و دینامیکی و بەردەوامی بە ناسنامە دەبەخشێت بەهۆی گرنگی ئەو ڕۆڵەی کە زانایانی ئایینی دەیگێڕن لە پاراستنی ناسنامەی کۆمەڵگە لە درێژخایەندا (الزیباری، 2012، ص 34). خودی ئایینیش ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بەرهەمهێنانی یەکڕیزی و پێکەوەیی لە نێو پەیڕەوانی خۆیدا، چونکە هەستی ئینتیمابوونی ئەندامانی نەتەوە بەهێز دەکات لە ڕێگەی دڵسۆزی هەمیشەیی بۆ باوەڕی جێگیر و باوەڕی ڕەها بە بەها هاوبەشەکان. ئایین لە هەموو ڕێکخراوەکانی تر بەتواناترە کە ئامانجەکانی ئەندامانی یەک نەتەوە یەکبخات و هەستێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەهێزی ئیمتیازی پێ ببەخشێت (الديالی، 2007، ص 79، 80). هەرچەندە لە عێراق لەبەر جیاوازی ئایینزایی (مەزهەبی) ئەمە پێچەوانە بۆتەوە، ئایین نەك هەر بۆتە فاکتەری یەکڕیزی بەڵکو فاکتەری لێکترازان و بەشێکە لە کێشە ناوخۆییەکان. ڕاستە توخمەکانی تری ناسنامە وەک ڕەگەز و زمان و کەلتوور کاریگەر و گرنگن لە پێکهێنانی ئینتیمای ناسنامەدا، بەڵام کاریگەری و ڕەهەندەکانی شوناسی ئایینی قووڵتر و نزیکترن لە پەیوەندییەکانی نێوان گەلان و نەتەوەکاندا .لەبەر گرنگی ئایین لە مرۆڤدا، وەک خۆی لە سروشتی مرۆڤدا هەیە، بە سروشت لە مرۆڤدا چڕبووەتەوە، سەرەڕای هەموو پێشکەوتنەکان، پێکهاتەی ئایینی وەک دیارترین توخم دەمێنێتەوە لە پێناسەکردنی چەمکی شوناس بە مانا گشتیەکەی (ادريس، 2003، ص 33). هەرچەندە وتمان کە ئایینی ئیسلام لە عێراق نەبۆتە فاکتەرێکی پێکەوەیی و یەکبوون، بەڵام ئەو ناسنامە ئایینیە لە عێراق کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتاندا بەشێوەی جۆراوجۆر ڕەنگدانەوە و بەرجەستەبووە.

هەرچەندە سنووردارکردنی شوناس بۆ ڕەهەندی ئایینی و تەوەربەندیی و نەهێشتنی پێکهاتەکانی تری شوناس وەک زمان و ئاست جیاواز و کولتوور و بەها و پێکهاتەکانی تر چەندین کێشەیان دروستکرد، دیارترینیان دابەشکردن و ناکۆکی شوناسەکان، دەمارگیری ناسنامە و هەروەها بڵاوبوونەوە و پەرتبوونی ناسنامەی ئایینی.

ئیسلام وەک شتێکی "مانا بەخش" لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا جێگەی سەرنجە و تاکە خاڵی ڕەمزی دەسەڵاتە بۆ یەکڕیزی نەک تەنها نیشانەیەکی باڵایە بۆ دروستکردنی سیستەمی سیاسی، بەڵکو وەک توخمێکی "ناسنامە بەخشین" کە موسڵمانان خۆیان پێی دەناسێنن و ناسنامەی خۆیان پێ دیاریدەکەن. گروپە ئیسلامییەکان لەو باوەڕەدان کە بەدیهێنانی زانستی ئیسلام لە چوارچێوەی ژیانی تاک و کۆمەڵایەتی موسڵمانانداندا تەنیا بەندە بە دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتێکی ئیسلامی و نەهێشتنی دەرکەوتەکانی چەوساندنەوە و نەزانی لە ژیانیاندا. بە جەختکردنەوە لەسەر ناسنامەی ئیسلامی هەوڵ دەدەن بیروباوەڕ و بیروبۆچوونی خۆیان لە جیهاندا جێگیر بکەن و بەجۆرێک دەیانهەوێت بگەڕێنەوە بۆ بنەما بنچینەییەکانی ئیسلام وەک بنەمایەک بۆ خۆیان ئەوە

ئیسلامە کە ناسنامە و مانایەک بەم گروپانە دەبەخشێت (ادمی و ابراهیمی، 1393، ص 112، 113). لەم بارەیەوە عێراق بە دوور نەبووە لەم تێگەیشتنە و لەو ناسنامە ئایینیە کە ئیسلامە.

ئایینی ئیسلام کرۆکی شوناسی ئیسلامییە و توخمێکی گرنگە لە پێکهاتەی شوناسی عێراق، بەڵام تاکە توخم نییە لە پێکهێنانی ئەم شوناسە عێراقیە (توفیق، 2023). لە سەردەمی پێش ساڵی 2003 ناسنامەی نەتەوەیی عێراقی لەسەر بنەمای کۆمەڵەی ناسیونالیستی عەرەبی دامەزرابوو، بەڵام ئەم شوناسە بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەستبوو بە سیستەمی سیاسی و لەگەڵ داڕمانی سیستەمی سیاسی پێشوو داڕما. لەگەڵ سیستەمی سیاسی نوێ لە دوای 2003 ڕووبەڕوی چەند پرسیارێك سەبارەت بە ناسنامە دەبێتەوە، لەوانە:

1- ئایا عێراق وڵاتێکی عەرەبییە، خاوەن ناسنامەی ناسیۆنالیستی عەرەبیە، وەک ئەوەی لە ساڵی 1963 تا 2003 بوو؟
2- ئایا عێراق دەوڵەتی گەلی عێراقە، ئایا عێراق دەوڵەتێکی ئیسلامییە کە ناسنامەی نەتەوەیی لە ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئەگەر وایە، ئایا سوننە یان شیعە؟
3- ئایا عێراق دەوڵەتێکی عەلمانی وەک تورکیا و ئەمریکا و وڵاتانی تر؟ (ابراهیم، 2023).

وەك چۆن لە دەستووری عێراق ساڵی 2005 لە ماددەی (3) دا هاتووە، کە عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەیی و فرە ئایینی و فرە ئاینزایی (مەزهەب) و ئەندامێکی دامەزرێنەر و کاریگەری کۆمکاری وڵاتانی عەرەبییە و پابەندە بە دەستوورەکەی، بە شێکە لە جیهانی ئیسلامی (دەستووری عێراق، 2005، مادده 3). بەو مانایەی عێراق بە ڕوونی یەك ناسنامەی خۆی دیاری نەکردووە، لەبەرئەوەی لە عێراق فرە ئایین و فرە نەتەوە و فرە ئاینزایە (مەزهەبە) ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر فرە ناسنامەیی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئایین و بەتایبەت ئاینزای (مەزهەبی) شیعە رۆڵێکی گرنگ و باڵایان هەیە لەو ناسنامەیەدا، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ پێگە و پایەی شیعە لە دەسەڵات و حوکمڕانی وڵات، بەو مانایەی ناسنامەی عێراق گۆڕانێکی بەخۆیەوە بینیوە لە ناسنامەیەکی ناسیۆنالیستی بۆ ناسنامەیەکی شیعی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ گۆڕان لە سیستەمی سیاسی و دەسەڵات و حوکمڕانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## باسی دووەم: ئایینزا

عێراق نموونەیەکی بەرچاوی قەیرانی ناسنامەیە، فرەچەشنی نەژادی و ئایینی بووەتە هۆی ناکۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمەش کێشە لە خودی فرەییدا نیە بەڵام لە خراپ بەرێوەبردنی فرەییدایە. شیعە و کورد و سوننە سێ کارەکتەری سەرەکین لەو فرەییە. تا پێش 2003 بەتایبەت سەردەمی حوکمڕانی صدام حسین (1968-2003)، ڕەگەز و ناسنامەی جیاواز هیچ دەرفەتێکی دەربڕینیان نەبوو، بەڵام داگیرکاری ئەمریکا و ڕووخانی بەعسییەکان عێراقی خستە قۆناغێکی نوێ و گروپ و نەتەوەی جۆراوجۆر دەرفەتیان بۆ ڕەخسا کە ئامانج و داخوازییە ناکۆکەکانی ناسامەی سیاسی و کۆمەلایەتی خۆیان دەربڕی (Haghi, 2022, p. 231)، بەتایبەت شیعەکان کە هاوناسنامەن لەگەڵ ئێران بەمەش قۆناغ و پەیوەندیەکی نوێ لەگەڵ ئێران دەستی پێکرد.

لەدوای ساڵی 2003 ڕژێمی عێراق زۆربەی هەڵەکانی حکومەتی پێشووی بۆ ماوەتەوە کە گرنگترینیان پشک و تایفەگەریی و زیادەڕەوی لەو باوەڕەدا بوو کە کۆمەڵگەی عێراقی لە سێ گروپی هاوشێوە پێک هاتووە (شیعە، سوننە و کورد). ئەم کەڵەکەبوونانە کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبووە لەسەر یادەوەری، ناسنامە و بەڕێوەبردنی هەمەچەشنی لە ئاستی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە سەرەکی و لاوەکیەکان لە دوای 2003، بەشێکی زۆری شوناسی عێراقی لە دوای ساڵی 2003 بە تایبەتمەندی کاریگەری گوتاری لایەنە دەسەڵاتدارەکان دەناسرێتەوە کە ڕەنگە گرنگترینیان تایەفەگەر یی‌بێت کە بیرکردنەوە لە چوارچێوەی تەسکی ئایینزا (مەزهەبی) بۆتە خەسڵەتێکی دیار لەنێو ژمارەیەکی زۆر لە عێراقییەکان و "پشکی دەسەڵات" کە لە سەردەمێکی پێشکەوتووی مێژووی هاوچەرخی عێراقدا دەستی پێکرد، بەڵام لەدوای ساڵی 2003 ەوە ڕەگی داکوتاوە و بووە بەخەسڵەتێکی دیار لەبازنە سیاسییەکان و دامودەزگاکانی حکومەتدا و دواتر توندڕەوی ئایینی و داخستن لەلایەکی دیکەوە کە دەرئەنجامی ئاشکرای گوتاری ئایینزا (مەزهەبی) بەکاریهێناوە ( العنبر، 2023). دەستووری ساڵی 2005 ی عێراق بووە هۆی دامەزراندنی سیستەمێکی فیدراڵی لەسەر بنەمای پشکی نەتەویی و ئایینزا (مەزهەبی) بەمەش دابەشبوونی نەتەوەیی و ئایینزا (مەزهەبی) لە پارێزگاکانی عێراقدا بووەتە واقیع ( العابدین، 2022).

عێراق هەر لەسەرەتاوە چوارچێوەیەکی نەتەوەیی و ئایینی پەرتەوازەی هەبوو و توخمێکی یەکگرتووی وەک زمان، ڕەگەز، ئایین، خاک و کەلەپووری مێژوویی هاوبەشی تێدا نەبوو (Anderson and Stansfield, 2004, p. 20)، بەڵکو عێراق تێکەڵەیەک لە زۆرینەی شیعەی ئایینی و کەمینەی سوننە و دابەشبوونی دیمۆگرافیای عەرەب و کوردە (Setalani and Vatankhah, 2018, p. 13) لە دوای 2003 شیعەکان بەرپرسیارن لە ناسنامەی عێراقی خۆیان، شیعەکان نزیکایەتییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ناسنامەی عەرەبی نییە، هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە ناسنامەی عەرەبی ئێستا لە شێوەی سروشتی خۆی دەرچووە و بۆتە سیفەتێکی ئایینی دیاریکرا(Haghi, 2022, p. 246). و ئایینزاگەرایی. لە عێراقدا دوای ڕووخانی رژێمی بەعس لە 2003 و بەدەست گرتنی دەسەڵات لە لایەن شیعەکان، بەهیز بوو. ناسنامەی ئایینزایی زیاتر دەرکەوت.

شیعەکان هەوڵ دەدەن دەسەڵاتی خۆیان پتەوتر بکەن و بارودۆ خە سیاسی و ئابووری‌یەکان باشتر بکەن و ژیانێکی سیاسی نوێ دەست پێبکەن لەرێگەی پێناسەکردنەوەی پێگەی شیعە وەک ئایینێکی کاریگەر لەناوچەکەدا (Muqaddam, 2012, p. 40). سەرەڕای زۆر بەرز و نزمی پرۆسەی سیاسی عێراق مەیلی سەرەکی گروپە شیعەکان پاراستنی یەکپارچەیی عێراقە بۆ تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی زیاتر لەچوارچێوەی هاوکێشە ناوخۆیی هەرێمیەکان(Saghi, 2022, p. 246) . لەم بارەیەوە کۆمەڵناس عێراقی، فالح جەبار دەڵێت: هەوڵدان بۆ بەسیاسی کردنی ناسنامەی شیعە تایبەتمەندییەکی نەگۆڕ بووە لە سەرانسەری جیهاندا.(Mansour, 2019, p. 8)

بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لەدوای ساڵی 2003 لەعیراقدا ڕوویاندا، شیعەکان کە بەدرێژایی مێژووی عێراق لەپێگەیەکی لاوازدا بوون، توانیویانە کاریگەرییەکی بەرچاو لەپێکهاتەی حکومەتی عێراقدا پەیدا بکەن و دەوڵەتێکی شیعە دابمەزرێنن شیعەکان لە شێوەی پارت و گروپە ئیسلامییەکاندا ئامانجەکانیان بەرەو پێش دەبەن و هەرچەندە لە زۆروردەکاری ئامانجەکانیاندا جیاوازییان هەیە، بەڵام لە پرەنسیپی گشتی ناسنامەی خۆیاندا واتە شیعەگەریدا یەکدەگرن و لە ژێر سێبەری فێرکردنە ئایینییەکاندا دەیانەوێت مانایەک بە سیاسەتەکانی ئایندەی وڵاتەکەیان ببەخشن ، گروپە شیعەکان پشتگیرییان لەلایەن ئایەتوڵڵا

عەلی سیستانی، ڕابەری ڕۆحی سەرەکی شیعەکانی عێراقەوە بەدەست هێنا. بۆیە به گشتی پارتە شیعەکان یەکگرتوو بوون و کاریان کرد بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان، دواتریش بوون بە هێزێکی فەرمی لە چوارچێوەی بەرگریدا.

ڕووخانی رژێمی بەعس زەمینە خۆشکەر بوو بۆ ئامادەبوونی شیعەکان و دەرچوونیان لە گۆشەگیری. لەو کاتەوە شیعەکان لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا زۆر چالاک بوون. بەجۆرێک ئەمریکا کە بەدروشمی چەسپاندنی دیمۆکراسی عێراقی داگیرکردووە ناتوانێت زۆرینەی شیعەی ئەم وڵاتە پشتگوێ بخات و ڕێگرییان لێبکات لەهاتنە ناو گۆڕەپانی سیاسەت و حکومەتەوە. هەروەها عێراق دووەم وڵاتە لە دوای ئێران کە زۆرینەی دانیشتووانی شیعە هەیە. ئەمەش دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لەئاییندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا کە بەدرێژایی مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لەبوارە جیاجیاکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و کەلتووری و ئابووریدا نموونە و بەڵگەی پەیوەندییەکانن (ادمی و ابراهیمی، 1393، ص 107،112، 137).

سەبارەت بە سوننەکان کە بەشێکی گرنگ لە عێراق پێکدێنن و ناسیۆنالیزمی عەرەبی ناسنامەی پەسەندکراوی عەرەبە سوننەکانی عێراق بوو بە تایبەتی لە پارێزگا گەورەکانی وەک موسڵ و ئەنبار و ناوچە بیابانییەکانی ڕۆژئاوا، هەمیشە لەگەڵ ناسنامەی شیعە لە کێشەدان. ئەگەر بارودۆخی سیاسی بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت ئەوا ڕۆڵی عەرەبە سوننەکان لە دیاریکردنی ئاییندەی عێراقدا سنووردار دەمێنێتەوە(Al-Khafaji, 2021). لە عێراق، دابەشبوونی نەتەوەیی و ئایینی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گۆڕەپانی سیاسی وڵاتەکە هەبووە. بووە هۆی قوڵبوونەوە و درز و ململانێ لە نێوان مەزهەب و پێکهاتەکان ئەمەش کرداری کۆمەڵگایەکی پەرتەوازەی لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئایینی پێکهێناوە.

دابەشبوونی ناوخۆی سوننەکان و بەشێکی گەورەی سوننەبەرهەڵستکارەکان، کە ڕەتیان کردووە لە پرۆسەی سیاسی بەشداری بکەن، ڕێگەیان بە شیعە و کورد دا کە دەوڵەتی نوێ بە بێ بەشداری سوننەکان بنیات بنێن. هەروەها ڕێگەیەکی دیکە بۆ بەدامەزراوەییکردنی تایەفەگەریی لە ڕێگەی سیستەمی پشکەوە بوو کە ئامانجی پێکهێنانی حکومەتێکی گشتگیر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوو کە نوێنەرایەتی هەموو ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینزایی لە عێراق لە خۆ بگرێت (منصور، 2007، ص 6)، واتە حکومەتێکی هاوپەیمانی.

سوننەکان کە لەسەرەتای دامەزراندنی حکومەت ودەوڵەتی عێراقەوە لە دەسەڵاتدان سەرەڕای کەمی ژمارەی دانیشتوانیان لەچاو هەموو دانیشتوانی عێراق بەتایبەتی شیعەکان ئێستا ناتوانن بەرگەی ئەو سیستمە دیموکراسییە بگرن کە لەڕێگەی ئەوەوە دەسەڵاتیان لەپێکهاتەی سیاسی عێراقدا لەدەست دەدەن ، بۆیە بەشێوازی جۆراوجۆر ڕێگری لەپێکهێنان و پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت لەعیراقدا دەکەن. هەروەها لە دوای 2003 بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی سوپا و نەهێشتنی بەعس کە زۆربەیان سوننەی عێراقی بوون شەپۆلێکی بێکاری و تووڕەی سوننەکانی دروستکردووە، کە چوونە پاڵ گروپە چەکدارە توندڕەوەکانەوە (فراتی و دیگران، 1400، ص ۱۴9)ئەمەش وای لێهات کە ناسنامەی سوننە دژی ناسنامەی شیعە بوەستێتەوە.

گروپە سوننەکانیش هەوڵی پێداچوونەوە بە دەستوور و زیندووکردنەوەی ڕۆڵی کارای خۆیان دەدەن لە عیراقدا بەمەبەستی ڕێگریکردن لەهەژموونی شیعەکان و ڕێگەگرتن لە بەدامەزراوەییکردنی دەسەڵاتیان لەپێکهاتەی سیاسی نوێی عێراقدا لەڕێگەی جۆراوجۆرەوە و فیدراڵیزم بەتایبەتی لەباشوور و باکوری وڵات بۆیە ناکۆکی لەسەر ئامانج و بەرژەوەندیی گروپە ناوخۆییەکان و نەبوونی زەمینەی ئاشتبوونەوە و لێکنزیکبوونەوەی نێوان گروپە شیعە و سوننەییەکان و نەبوونی نەریتێکی مەدەنی دیموکراسی و پشکی نەتەوەیی لە بواری دەسەڵاتی ئیداری ،پرۆسەی سیاسی و هەلومەرجی ئەمنی عێراقی پەکخستووە (ادمی و ابراهیمی، 1393، ص 137). ڕووداوەکانی وەک سەرهەڵدانی داعش و پرسی خواستی سەربەخۆیی کورد و پەرتەوازەیی نێوان گروپە سیاسی و ئایینییەکان و هتد.... ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی شوناس دەردەخات .(Haghi and Jouybari, 2022, p. 111) دوای ئەو گۆڕانەی لە عێراق دوای 2003 ڕوویدا قۆناغی عەرەبیزمی عێراق وەك ناسنامە کۆتایی پێهات کە سوننەکان نوێنەرایەتی‌ان دەکرد ،واتە کە ڕەگەز و ڕەچەڵەکی گۆڕا بۆ دەسەڵاتی شیعە کە نوێنەرایەتی ڕەوتی شیعەگەریە هاوشێوەی ناسنامەی شیعە لە ئێران. لە دوای ئەم داگیرکاریە و نووسینەوەی دەستووری 2005 ئێران سوودمەندترین وڵاتی ناوچەکە

لە عێراق بوو، هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ناسنامەی هاوبەش لە نێوان ئێران و عێراقی دوای 2003.

ئەمە ڕاستە کە عێراق وڵاتێکی فرەییە و سروشتی عێراق کێشە و ململانێی ئایینزایی تێدایە، بەڵام ئەم فرەییە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکادا قوڵتر بوویەوە بەتایبەت لە پێکهێنانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کاتی لەلایەن پۆل بریمەر لە مانگی تەمموزی 2003، و دیاریکردنی ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کاتی کە 25 کورسی بوو ئەویش لەسەر بنەمای ئایینزایی (مەزهەبی) و نەتەوەیی لە نێوان پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی عێراق. دواتر ئە و دابەشکردنە ئایینزاییە (مەزهەبیە) ڕەنگی دایەوە بەسەر پێکهێنانی کابینەکان و تەواوی سروشتی سیاسی عێراق ( بکر، 2022، ص 156، 157). کەواتە ناکرێت ڕۆڵی فاکتەرە دەرەکییەکان، چ نێودەوڵەتی یان ناوچەیی بێت، لە وروژاندن و قوڵکردنەوەی کێشەی ئایینزایی (مەزهەبی)، بەتایبەتی ڕۆڵی ئەمریکا، ئێران، تورکیا، وڵاتانی کەنداو و میسر، فەرامۆش بکرێت، هەر دوای 2003 ئێران هەزاران کەسی شیعەی بە ڕێگای یاسایی و نایاسایی ڕەوانەی عێراق کرد، مەبەستی سەرەکی باڵادەستکردنی ناسنامەی شیعە لە عێراق بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەلات و سەپاندنی هەژموونی خۆی.

شکستی کەرتی ئاسایشی دەوڵەت بووە هۆی پشت بەستن بە هێزە نیمچە سەربازییەکان و گروپە چەکدارەکانی سەر بە دەوڵەت کە دیسان لەسەر بنەمای ناسنامە پێناسە کراون. بەتایبەت گروپە شیعەکان. لە بەرامبەریشدا ئەلقاعیدە لە عێراق و دواتر دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) هەوڵیان دا نوێنەرایەتی سوننەکان بکەن وبە ئامانجگرتنی گروپە ئایینیە ناسوننەکان، چ شیعە یان یەزیدی یان مەسیحی بن. هەر لەبەر ئەو نائارامیەش بەشێك لە پێکهاتەکانی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، سنوورەکانی سیاسەتی شوناس لە دوای ساڵی 2003 ئاشکرا دەکات. ناسنامەی مەزهەبگەرایی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا چەسپێنراوە، چ لە لقەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری حکومەت یان دەزگا ئەمنییەکان و دەستەی سەربەخۆکان (منصور، 2007، ص 11). گۆڕینی یاسای باری کەسێتی وڵات و پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە ئایینزا (مەزهەبە) ئایینیەکان، ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی دامەزراوەییکردنی تایەفەگەرییە وەک

بنەمایەک کە کۆمەڵگەی عێراقی لەسەر داڕێژراوە. ئەمەش داخورانی زیاتری دەسەڵاتی دەوڵەت نیشان دەدات و دابەشبوونی عێراق پتر دەکات(Hasan, 2024).

کەواتە لە دوای 2005 ناسنامەی شیعە نوێنەرایەتی حکومەتی عێراق دەکات و گروپە شیعەکان سەرکەوتوو بوون لە زاڵبوون بەسەر پرۆسەی سیاسیدا، ئەمەش بە قۆناغێك لە گۆڕانی ناسنامە دادەنرێت لە ناسنامەیەکی عەرەبی ناسیۆناڵ بۆ ناسنامەیەکی شیعە، ئەم ناسنامەیەش کاریگەری لەسەر ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی عێراق هەیە.

## باسی سێیەم: کەلتوور

خێزان یەکێکە لە کەناڵە گرنگ و سەرەکییەکانی ئاراستەی ڕۆشنبیری ئەندامانی کۆمەڵگە. گرنگی پەروەردەیی و کۆمەلایەتی و ئاکاریی و ئایدۆلۆژیی لە گرنگی دامەزراوە ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و ڕاگەیاندنەکان کەمتر نییە، خێزان یەکێکە لە یەکەم دامەزراوە پێکهاتەییەکان کە کاریگەری لەسەر بیرۆکە و هەڵوێست و هەڵسوکەوت و ئاکاری تاک هەیە، چونکە گرنگی بە پەروەردەکردنی منداڵ دەدات لە ڕووی ئاکاریی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەوە کە هەر لە سەرەتاوە ئەو تایبەتمەندییە ئاکارییانەی کە کۆمەڵگە پەسەندی کردووە گەشە پێدەدات و بەها و سیستەمی ئایینی و نەتەوەیی کۆمەڵگە دەڕژێتە ناو دەمارەکانیەوە و هەڵسوکەوت و کردارەکانی بە هێڵێکی دیاریکراو و لەگەڵ ئایدیال و ستانداردەکاندا ئاراستە دەکات (أللهيبى، 2009، ص 11) و بەمەش کاریگەری دەخاتە سەر کۆمەڵگە و دامەزراوەکان. خێزان و بنەماڵەی عێراقی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە داڕشتنی سیمبولەکانی ناسنامەی نەتەوەیی لەڕێگەی بەها و داب و نەریت کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازێتەوە و هەست و سۆز گەشە دەکات و کەسایەتی ئەو کەسانە دەچەسپێنێت کە بایەخیان پێدەدەن هەریەکە و بەو بیروباوەری کە وەری دەگرێت. بۆیە خێڵ لەهەموو هەڵسوکەوتێکی سیاسیدا ئامادەیە و پێگەیەکی گەورەی گرتووە و لە کۆمەڵگەی عێراقدا ئامادەگییەکی گەورەی هەیەو حکومەتی عێراق پەنا دەباتە بەر خێڵەکان بۆ یارمەتیدانیان لەدابینکردنی ئاسایش و پاراستن، لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتی کۆمەلایەتی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو خێڵانە، و ئەوانیش لقێکی گرنگی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەها و دابونەریتی باو پێکدەهێنن، بۆیە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەندێک جار پشت بە خزمەکان دەبەستێت لەبری ئەوەی پشت بە خاوەن ئەزموون و توانا ببەستێت .

نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە پێکهێنانی ناسنامە لە دوای 2005 تەنها بە پارتە سیاسیەکانەوە نەبوو، بەڵکو خێڵەکانیش ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەم پرۆسەیەدا. پاش ئەوەی سیستەمی سیاسی پێش ساڵی 2003 خەمی زیندووکردنەوەی یاسا و داب و نەریتی خێڵەکی بوو و ڕۆڵێکی نێگەتیڤی بە خێڵ بەخشی لە کۆمەڵگەدا، ڕژێم لەدوای ساڵی 2003 ەوە بەم شێوەیە بەردەوام بوو بۆ مەبەستی سیاسی کە گرنگترینیان بردنەوەی هەڵبژاردنەکانە ،کەواتە پەیوەندی ڕووبەڕووبوونەوە و هاوکاری نێوان دەوڵەت و شێخەکان یەکێک لە گرنگترین خەسڵەتە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی عێراقی پێکهێنا ( العنبر، 2023).

لەپاڵ شیعە و سوننە و کورددا، ناسنامەی کولتووری و کۆمەڵایەتی بچووکیش هەن، وەک تورکمان، ئاشووری و یەزیدی، کە کەلتوور و بیروباوەڕی جیاوازیان هەیە .(Haghi, 2022, p. 233)ڕەفتاری سیاسی ڕەگی داکوتاوە لە ڕۆڵی تاکەکان کە لایەنگری خێڵەکی یان تایفەگەری سەرەکی بەرز دەکاتەوە لەسەر دڵسۆزی بۆ دەوڵەت. هەروەها گروپەکانی کۆمەڵگەی عێراقی خۆیان بە پاراستنی تایبەتمەندی و کەلەپوور و شێوازی ژیانیان دەربڕن بەبێ ئەوەی هەست بە گرنگی یەکخستنی نەتەوەیی لە وڵاتێکی یەکگرتوودا بکەن (بکر، 2022، ص 158). هەرچەندە ئەو گۆڕانە دیموکراسییەی عێراق لەدوای 2003 بەخۆیەوە بینی، دەرفەتێکی گونجاوی ڕەخساندووە بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتووری بەشداری و پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی عێراقییەکان، بەڵام ئەم گۆڕانی کەلتوورە نوێیە ناتوانێت بە ئاسانی جێگەی کەلتووری ملکەچبوونی باو بگرێتەوە. لەبەر ئەوە کەلتووری سیاسی باو هێشتا لە هزر و خەیاڵدانی کۆمەڵگەی عێراقدا ماوە، بۆیە دامەزراوە خێڵەکی و ئایینزایی و ئیتنیکی ڕۆڵیان هەیە لە جوڵاندنی ڕەوتە سیاسییەکانی تاکەکان.

پەروەردەی کۆمەڵایەتی - سیاسی ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە بەرەوپێشبردنی ئەم ڕەوتە. هاوڵاتی عێراقی چ ئایینی بێت یان ئایینزایی و سەر بە هەرئایین یان ئایینزایەک بێت کە بەهۆی پەروەردەی کۆمەلایەتییەوە بەسەریدا سەپێنراوە ، بەدەگمەن دەتوانێت بیگۆڕێت یان لێی ڕزگاری بێت، تەنانەت ئەگەر بڕوا بەوە بکات کە ڕاست ناکات (حسین، 2021، ص 359).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر کاتێک نیازێک هەبێت بۆگۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کەلە سیستەمی سیاسیدا ڕووبدات، تاکی عێراقی پاشەکشە دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ نەتەوە و ئایینزا یان خێڵەکەی و دڵسۆزیی تەسکی خۆی نەک ، دڵسۆزیی کەلتووری نەتەوەیی گشتگیر هەڵدەبژێرێ، بۆ نموونە لە 2025/1/31 کێشەیەك دەکەوێتەی نێوان پارێزگاری میسان و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای میسان، ئەم کێشەیە نێوان دوو کەسایەتی ئیداری دەبێتە کێشەی نێوان دوو خێڵ( Sama press). ئەمە پێمان دەڵێت کە ئەم ڕووداوە لە کێشەکی دوو کەسی دەبێتە کێشەیەکی دوو خێڵ و لە کێشەیەکی ئیداری دەبێتە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەروەها لە کێشەیەکی یاسایی دەبێتە کێشەیەکی خێڵەکی. ئەمە تێگەیشتنێك و مانایەکی ڕوونە بۆ کاریگەری بەها و کەلتوور و تێگەیشتنی خێڵ و ڕەنگدانەوەی بەسەر ڕەفتاری سیا سیدا.

بۆیە گەشەپێدانی بە کۆمەڵایەتیکردنی سیاسی - کۆمەڵگە هاوتەریب نەبووە لەگەڵ کەلتوری سیاسی و سیستەمی سیاسی لە عێراقدا. بەڵکو زۆرجار یەکتر دەبڕن بەهۆی بەهێزی ئەو سیستەمە باوەی کە کۆمەڵگە پەیڕەوی دەکات وەک بنەماڵە و خێڵ و گوند و ڕەگەز و ئایینزا و هەموو دەزگا و ئامرازەکانی کۆمەلایەتیبوون کە ئەوەندە بەهێز بوون کە تاک نەیتوانی خۆی لێ دەرباز بکات. زۆرجار بەها کەلتووریەکان بەهێزتر بوون لە بەهاکانی سیستەم. لەلایەکی دیکەوە کەلتووری سیاسی سیستەمی سیاسی لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە و تا ئەمڕۆش بەدەوری مانەوەی بنەماڵە دەخولێتەوە (محمد، 2014، ص 130). لە ئەزموونی هەڵبژاردندا، بۆمان دەردەکەوێت کەوا زۆرینەی دەنگدەران لەسەر بنەمای ئینتیمای ئایینی و ئایینزایی و ئیتنیکی و خێلەکی خۆیان دەنگیان داوە و مانایەکی سیاسییان پێبەخشیوون. هۆکارەکەشی زیادبوونی جەمسەرگیری و چەسپاندنی ئایینزایی و ئیتنیکی و ئایینی نێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانە ئەمە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە کۆمەڵگەی عێراقی بەشێکە لە ئاڵۆزی کێشەی واقیعی شوناس کە ئەمڕۆ عێراق پێیدا تێدەپەڕێت.

لە ئەنجامی زیادبوونی یاساشکێنی و نەبوونی ئاشکرای دیمەنی دەوڵەتی نەتەوەیی چیتر هاوڵاتی هیچ بژاردەیەکی نەماوە جگە لە چوون و گەڕانەوە بۆ لای خێڵەکان و سەرچاوەکەی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی، بۆیە بانگەوازی پچڕ پچڕ بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی خێڵەکی دەستپێیکرد و ناوی چەند کۆبونەوەیەکی خێڵەکی بە سەرکردایەتی کۆمەڵێک سیمبولی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرۆک هۆزەکان بە پشتیوانی هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە دەرکەوت ،بۆیە هێزە داگیرکەرەکان کاریان بۆ پشتیوانی سەرۆک هۆزەکان لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا کرد لە دەستپێشخەرییەکدا بۆ دژایەتیکردنی گروپە چەکدارەکان و گروپە تیرۆریستیەکان. ئەو ئەنجومەنە خێڵەکییانە دیمەنی زیندوو بوون لەو ناوچانە بەتایبەتی دوای بەدەستهێنانی پشتیوانی مەعنەوی و سەربازی و سیاسی بۆ ئەوەی ببنە گوتەبێژ و بزوێنەر لەگەڕانەوەی ئاسایش بۆ ئەو ناوچانە (التميمی، 2021، ص 83). هەروەها ئەم دۆخەی عێراق وای کردووە کە هێزە هەرێمییەکان پاڵپشتی بزووتنەوە و پارت و گروپە مەزهەبی و ڕەگەزپەرستییەکانی ناو عێراقیان بکەن بۆ ئەوەی ببنە ئامرازی گەمەی سیاسی ،بۆیە گۆڕەپانی عێراق گۆڕەپانی ململانێ بۆ خواست و بەرژەوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان و عێراقییەکان خۆیان بوونە کەرەستەی سەرەکی ئەم ململانێیە و تەنیا دۆڕاوەکانی ئەم هاوکێشەیەن و ،ئەم لایەنانە کاریان کردووە بۆ تەرخانکردنی کەلتووری نەریتیی و دابەشکردنی چوارچێوەی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای تائیفی کە هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگی جیاوازی مەزهەبی و هەندێکی تریان بۆ دابونەریتی خێڵەکیی کە ڕێگرە لەچوارچێوە سیاسییەکان کە لەپێکهاتە و گوتار و پیادە کردنی گوتاری ئایینزاییدا زیادەڕەوییان کردووە. ئەوی تریان لەپێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عێراقی و ڕەخساندنی هەلومەرجێک کە پاڵپشتی گەشەی قەوارەی تائیفی بکات لەسەر حسابی یەکڕیزیی دەوڵەت و سەقامگیریی سیاسی و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی (حسین، 2021، ص 361، 362).

بەم پێیە، تێکەڵبوونی کەلتووری نەریتیی زاڵ و کەلتووری ملکەچی پەیوەست بە کەلتووری دڵسۆزی و ئینتیمابوون کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی عێراقیدا دەیبینین کە تاک کاریگەری ژێر ئەو کەلتووره لاوەکی لەسەرە و ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر سەقامگیریی سیاسی دەبێت چونکە لەسەر بنەمای کەلتووری نەریتی ستەمکارانە و خەڵکی سەر بە هەمان ڕەگەز و ئایینزا و ناوچە و کەلتووری باو هەڵدەبژێرن. ئەمەش یەکێکە لە بەربەستە سەرەکییەکان بۆ سەقامگیریی سیاسی، سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییەی لەعیراقدا ڕوویداوە و گۆڕان بەرەو دیموکراسی و فرەیی سیاسی و حزبی و ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەگوێرەی پەسەندکردنی دەستووری ساڵی 2005 هێشتا کەلتووری نەریتی گەورەترین ڕۆڵ دەگێڕێت و ئێستاش لەعەقڵییەتی کۆمەڵگەی عێراقدا هەیە کە ناسیۆنالیزمی خێڵەکی و نەژادی و ئایینزایی ڕۆڵی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاریگەر دەبینێت لەئاراستەکردن و جوڵاندنی ئاراستە سیاسییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگەدا. ڕۆڵی پێگەی خێل و هۆزەکان و پرسە کۆمەڵایەتیەکان لە خودی دەستوری عێراق ساڵی 2005 ڕەنگی داوەتەوە بەوەی کە لە ماددەی (45)ی برگەی دووەم: دەوڵەت پەرۆشە بۆ پێشخستنی خێڵ و هۆزەکانی عێراق و گرنگیان پێدەدات و چاودێری کاروبارەکانیان دەکات (دەستووری عێراق، 2005، مادده 45). ئەمە ڕۆڵ و پێگە و قورسایی لایەنی کەلتوور و کۆمڵایەتی دەسەلمێنێ لە بارودۆخی سیاسی و گۆڕانکارییەکان. بە هەڵبژاردنی کەسایەتییەکانی خاوەن کەلتووری نەریتیی وەردەگێڕدرێتە ناو هەڵبژاردنی یاسادانان و بەم شێوەیە پەرلەمانێک بۆ ئێمە بەرهەم دەهێنرێت کە ئەندامەکانی زۆرینەی خاوەن کەلتووری نەریتی بن و لە بەرامبەردا لە پەرلەمانەوە پێکهێنانی حکومەت لەسەر بنەمای پشک هاتە دەرەوە و هەرکەسێک لە بەرژەوەندی ئەو گرووپ و قەوارەیەدا کار دەکات کە سەر بە خۆی و ململانێی هەیە بۆ بەرژەوەندی تایبەت و لە ژێر سزای گەڕانی نائومێدانە بۆ قازانج یان دەستکەوتی تاک و حزبی و ئایینزایی یان ئیتنیکی ،بۆیە تەنیا دەکرێت چاوەڕوانی پەرتەوازەیی زیاتر بکرێت لە نەخشەی سیاسی عێراقدا و لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی عێراقدا.

لە ڕێکەوتی 2025/1/21 پەرلەمانی عێراق دەنگیدا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ڕژێمی بەعس، کە هەزاران دۆنم زەوی داگیرکراو لە ناوچە جێناکۆکەکان دەگەڕێندرێنەوە بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان کە کوردن لە سنووری ناوچەکانی ماددەی 140ی دەستوری عێراق وەك کەرکوک و خانەقین و خورماتوو مەندەلی و نەینەوا کە لەلایەن عەرەبی هاوردەوە ڕێگریان لێدەکرا.

دوای ئەوەی جوتیارەکوردەکا نی ئەو ناوچانە دەستان کرد بە کێڵانی زەویەکان پشت بەستن بەم یاسایە، بەڵام لەلایەن سوپای عێراقە ڕێگریان لێکرا کە زەوییەکانیان بکێڵن لەبەر ئەوەی وەزیری بەرگری عێراق لە کابینەی محمد شیاع سودانی سونەیە بەناوی ثابت محمد العباسی، ئەو ریگریە هیچ پەیوەندی بە یاسا و دامەزراوەکانەوە نیە چونکە بەپێی یاسا ڕێگەپێدراوە، ئەمە تەنها پەیوەندی بە بابەتی خواستی داگیرکاریی و ناسنامەوە هەیە ،سونەکان لە ڕێگەی سوپاوە ڕێگری لە مافی کوردەکان دەکەن لەو گوندانە ،لە کاتێکدا شیعەکان بێدەنگن و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستتیوەردان ناکەن لەو بابەتە لەبەر ئەوە پەیوەندی بە ناسنامەی ئەوانەوە نیە و ئەوانەی ئەو زەویانەیانە بە هی خۆیان دەزانن پتریان عەرەبی سوننەن .

لە لایەکی دیکەوە یاسای باری کەسێتی ژمارە (188)ی ساڵی 1959 لە ڕێکەوتی 2025/1/21 کە پرۆژەیەکی شیعەکان بوو هەموار کرایەوە، لەم هەموارەدا تەواو مۆرکی شیعەی پێوە دیارە بەتایبەت ئایینزای ( جەعفەری)، لە یاسای باری کەسێتی ساڵی ( 1959)دا هاتووە، مارەکردن لە دادگادا ڕوشدە، بەڵام لە هەمواری نوێدا دایباب بڕیاردەری چارەنووسی منداڵێکی تەمەن (9) ساڵ بەرەو سەرەوەیە و دەتوانێت لە دەرەوەی دادگا و بەبێ ئامادەبوونی دادوەر بڕیار لە مارەکردنی بدات و کیژۆڵەکەی بخاتە ژێر لێپرسراوێتی منداڵبوون و دایکایەتی پێشوەختە و پەروەردەی خێزانیش بخاتە ئەستۆی. ئەم هەوڵەی شیعەکان تەنها لەسەر بنەمای ئایینی نەبوو، بەڵکو لەوەوە سەرچاوەی گرت کە ڕێکخستنی کاروباری خێزان و باری کەسێتی لە مێژوودا ئەرکێکی سەرەکی پیاوانی ئایینی ناو ئایینزای شیعە بووە کە سەربەخۆ لە دەوڵەت جێبەجێیان دەکرد. بەم شێوەیە ئایینزاکان دەبنە نێوەندگیر لەنێوان تاکەکان و دەوڵەت و کاریگەری لەسەر هەموو شتێک هەیە هەر لە نوێنەرایەتی سیاسی هاوڵاتیانەوە تا مافەکانی هاوسەرگیری و بەخێوکردن و کاروباری خێزان.

## دەرئەنجامەکان

1. ئایین و ئایینزا فاکتەری یەکلاکەرەوەیە لە بنیاتنان و پێکهێنانی ناسنامەی دەوڵەت لە عێراقدا لە دوای ٢٠٠٣ بە دواوە.
2. هێزە ئایینییە جەماوەرییەکان لە عێراق دوای ساڵی 2003 ەوە ڕۆڵیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا زیادیکرد، ئێستا ژیان و هەڵسوکەوتی زۆرێک لە هاووڵاتیانیان کۆنترۆڵ کردووە، و ڕۆڵیان لە دارشتنی ناسنامەدا هەبووە.
3. لە دەستووری عێراق ساڵی 2005 ماددەی دووەمدا هاتووە کە ئیسلام ئایینی فەرمی دەوڵەتە و سەرچاوەی سەرەکی یاسا دانانە. لە برگەی یەکەمی هەمان ماددەدا دەڵێت: دەرکردنی یاسایەک کە پێچەوانەی بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام بێت ڕێگە پێدراو نییە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەواتە عێراق ناسنامەکەی وڵاتێکی ئیسلامیە و پیناسەی خۆی کردووە بە وڵاتێکی ئیسلامی و نابێت یاساکانیش پێچەوانەی ئەحکام و بنەماکانی ئیسلام بن.

4. لە ماددەی سێەمدا دەڵێت: عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەیی و فرە ئایینی و فرە ئایینزایە و دامەزرێنەر و ئەندامێکی چالاک لە کۆمکاری عەرەبییە، پابەندە بە دەستوورەکەی و بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی .
5. ناسنامەی ئایینی لەگەڵ ڕێورەسمی ئایینی یەکدەگرێتەوە ،بنەما ئایینیەکانو بەها و ڕەوشتەکان تاکەکان پەیرەوی دەکە . ن ، هەرچەندە بە دووڕوویی و ڕواڵەتیش بێت
6. ئەو ناسنامە ئایینی و ئایینزاییە لە عێراق کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتاندا بەرجەستەبووە . کە لەگەڵ زۆربەیاندا بە نەرێنیە ،
7. تا پێش 2003 بەتایبەت سەردەمی حوکمڕانی بەعس (1968-2003)، ڕەگەز و ناسنامەی جیاواز هیچ دەرفەتێکی دەربڕینیان نەبوو، بەڵام داگیرکاری ئەمریکا و ڕووخانی بەعسییەکان عێراقی خستە قۆناغێکی نوێ و ناسەقامگیرترەوە و گرووپ و نەتەوەی جۆراوجۆر دەرفەتیان بۆ ڕەخسا کە ئامانج و داخوازییە ناکۆکەکانی ناسنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان دەربڕی بەتایبەت شیعەکان کە هاوناسنامەن لەگەڵ ئێران بەمەش قۆناغ و پەیوەندیەکی نوێ لەگەڵ ئێران دەستی پێکرد .
8. ئایینزاگەرایی لە عێراقدا دوای 2003 بۆ دوو هۆکاری سەرەکی گەشەی کرد: یەکەم، سەرکردایەتی نوێ کە لە دوای ساڵی 2003 لە تاراوگە گەڕایەوە و پشتی بە سەرپەرشتیکردن و پێکهاتەی ئایینزایی ناوەند بەست . دووە م؛ ڕووخانی دەوڵەتی عێراق و نەبوونی دەوڵەتێکی بەهێز، کە ئەمەش بووە هۆی لاوازتربوونیدەرفەتی سەرهەڵدانی ناسنامە یەکی نیشتمانی، بەم شێوەیە ناسنامەی ئایینزایی پتر دەرکەوت بەسەر ناسنامەی نیشتمانیداو تایەفەگەری وەک خەسڵەتێکی سەرەکی سیاسەتی عێراق بە ڕوونی ، دەرکەوت .
9. شیعەکان خۆیان بە نوێنەری ناسنامەی عێراق نیشاندەدەن ، و ناسنامەی شیعە یان کردۆتە ناسنامەی وڵات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

10. لە عێراقی دوای سەدام، ململانێی ناسنامە و نەبوونی حکومەتێکی گشتگیر لە ڕێکخستنی ئەم پێشبڕکێیانەدا ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ ململانێی شوناس. ئەم قەیرانە بووەتە هۆیپتر تەشەنەسەندنی پەرتەوازەیی کۆمەڵایەتی سیاسی - وەک کۆسپێک لەبەردەم پێکهێنانی ناسنامەی نیشتیمانیدا.
11. شکستی کەرتی ئاسایشی دەوڵەت بووە هۆی پشت بەستن بە هێزە نیمچە سەربازییەکان و گروپە چەکدارەکانی سەر بە دەوڵەت کە دیسان لەسەر بنەمای ناسنامە ی ئایینزایی و تایفەگەریی پێناسە کراون .
12. نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە پێکهێنانی ناسنامە لە دوای 2005 ەوە بە تایبەتیتەنها بە پارتە سیاسیەکانەوە نەبوو، بەڵکو خێڵەکانیش ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەم پرۆسەیەدا. پاش ئەوەی سیستەمی سیاسی پێش ساڵی 2003 خەمی زیندووکردنەوەی یاسا و داب و نەریتی خێڵەکی بوو و ڕۆڵێکی نێگەتیڤی بە خێڵ بەخشی لە کۆمەڵگەدا، ڕژێم لەدوای ساڵی 2003 ەوە بەم شێوەیە بەردەوام بوو بۆ مەبەستی سیاسی کە گرنگترینیان بردنەوەی هەڵبژاردنەکانە ،کەواتە پەیوەندی ڕووبەڕووبوونەوە یان هاوکاری نێوان دەوڵەت و شێخەکان یەکێک لە گرنگترین خەسڵەتە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی عێراقی پێکهێنا .
13. هەرچەندە ئەو گۆڕانە دیموکراسییەی عێراق لەدوای 2003 بەخۆیەوە بینی، دەرفەتێکی گونجاوی ڕەخساندووە بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتووری بەشداری و پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی عێراقییەکان، بەڵام ئەم گۆڕان کەلتوورە نوێیە ناتوانێت بە ئاسانی جێگەی کەلتووری ملکەچبوونی نەریتی بگرێتەوە.
14. پرۆسەی گەشەپێدانی ڕامیاری – کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە هاوتەریب نەبووە لەگەڵ کەلتوری سیاسی و سیستەمی سیاسی لە عێراقدا. بەڵکو زۆرجار یەکتر دەبڕن بەهۆی بەهێزی ئەو سیستەمە نەریتییەی کە کۆمەڵگە پەیڕەوی دەکات وەک بنەماڵە و خێڵ ودەڤەر و گوند و کەسپەرستی و... هتد

## سەرچاوەکان

### کتێب بە زمانی عەرەبی

عبد ال كريم يحى الزيباري، سؤال الهوية ال كردية، دار الفارابي، بيروت، الطبعة الأولى، 2012.

علي حرب، خطاب الهوية سيرة فكرية حوار حول صناعة الذات، الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، لبنان الجزائر، ط2، 2008.

فرزدق على التمىمى، التنمىة السىاسىة وازماتها فى العراق بعد عام 2003، مركز الرافىدىن للحوار ، لبنان، 2021 .

محمد جلاء إدريس، العلاقات الحضارية: دراسة تأصيلية ورؤية نقدية، دار القلم، دمشق، 2003.

وجيه كوثراني، الهوية والمواطنة والدولة: إشكال في وعي العلاقة أم في بنية الثقافة؟ ضمن مجلة التسامح، العمانية للتوز يع والتسويق، سلطنة عمان، شتاء، 2010، العدد 29.

### کتێب بە زمانی ئینگلیزی

Liam D. Anderson and Gareth Stansfield, The Future of Iraq: Dictatorship, Democracy or Division?, New York. Palgrave, Macmillan, 2004.

### توێژینەوەکان بە زمانی عەرەبی

ريناد منصور، ت: مصطفى الفقي، الطائفية في العراق: صراع بين الهوية وسياسات القضية، معهد العالمى للدراسات فى اسئلة الواقع واجاباته، 4 ديسمبر 2017.

صالح فيلالي، الدين والإيديولوجيا في العالم العربي والإسلامي، مجلة العلوم الإنسانية، جامعة قسنطينة، العدد، 08، 1997.

عبد الصمد الديالمي، الهوية والدين، مجلة آفاق، اتحاد كتاب المغرب، المغرب، العدد 74، 2007.

فائز صالح اللهيبي ، إشكالية بناء الهوية الوطنية العراقية، مركز الدراسات الإقليمية (5) ، جامعة الموصل، عيراق، العدد (13)، 2009.

مروة محمد عبدالمنعم بكر، الطائفية السياسية وتحديات فاعلية الدولة فى العراق، مجلة الدراسات، المجلد الثالث والعشرون ، العدد الثانى ، أبريل 2022.

مريم محمد حسين، أنواع الثقافة السياسية والهوية الوطنية العراقية، مجلة كلية القانون والعلوم السياسية، الجامعة العراقية، عيراق، العدد (8)، 2021 ،

وليد سالم محمد، الثقافة السياسية وأهميتها في مأسسة السلطة وبناء الدولة في العراق، الرؤيا والاليات ، المجلة العربية للعلوم السياسية، العددان (41، 42)، مركز دراسات الوحدة العربية. بيروت، لبنان، 2014.

**- توێژینەوەکان بە زمانی فارسی**

علی ادمی و حوا ابراهیمی پور، جایگاه شیعیان در ساختار سیاسی جدید عراق، فصلنامه علمی شیعه‌شناسی، دوره 12، شماره 46، تیر 1393.

محمدرضا فراتی و دیگران، دموکراسی سازی و چالش های دولت ـ ملت سازی در عراق بعد از سال 2003، نشریه علمی آفاق امنیت / سال چهاردهم / شماره پنجاه و دوم ـ ، پاییز 1400.

**توێژینەوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

- Mahdi Javdani Moqaddam, New Geopolitics of Shiism in the Middle East and Foreign Policy of the Islamic Republic of Iran, Volume 8, Issue 26, July 2012.

- Moslem Haghi and Mohammad Yousefi Jouybari, Identities’ Orientation in Iraq (post- Saddam); Confrontation or Interaction, Journal of Contemporary Research on Islamic Revolution Volume 4, No.14, Fall 2022.

- Renad Mansour, Challenges to the Post-2003 Political Order in Iraq, The Swedish Institute of International Affairs, 2019.

Darvishi Setalani and F. Vatankhah, Z, A Study of the Islamic Republic of Iran’s Policy Toward New Iraq (2003-2015). Geopolitics Quarterly, Volume 13, Issue 48 - Serial Number 48, December 2018.

Moslem Haghi and others, The Impact of Identity Crisis in Iraq (post-Saddam) on the Islamic Republic of Iran Foreign Policy Orientation, Geopolitics Quarterly, Volume: 17, No 4, Winter 2022.

**وێبسایت:**

إياد العنبر، التنوّع الهويّاتي ومشكلة الأجندة السياسية في العراق، الحرة، 19فبراير 2023، https://www.alhurra.com/different-angle/2023/02/19/%D8%A7%D9%84%D8%AA%D9%86%D9%88%D9%91%D8%B9-%D8%A7%D9%84%D9%87%D9%88%D9%8A%D9%91%D8%A7%D8%AA%D9%8A-%D9%88%D9%85%D8%B4%D9%83%D9%84%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%AC%D9%86%D8%AF%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%B3%D9%8A%D8%A7%D8%B3%D9%8A%D8%A9-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82

بشير زين العابدين، تحديات إعادة صياغة الهوية.. العراق أنموذجًا، مركز الامة للدراسات والتطوير، 28يوليو, 2022، https://alummacenter.com/?p=3363

سعيد توفيق، الدين والهوية، عمان، 18 يناير 2022، https://www.omandaily.om/%D8%A3%D9%81%D9%83%D8%A7%D8%B1-

%D9%88%D8%A2%D8%B1%D8%A7%D8%A1/na/%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%8A%D9%86-%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%87%D9%88%D9%8A%D8%A9
عبدا لله علي إبراهيم، الهوية الوطنية العراقية بعد عام 2003 طبق النظرية البنائية، صوت الامة العراقية، أكتوبر 3, 2023 ، https://iraqination.net/archives/1946

Hayder Al-Khafaji, The role of ethnicities, religions and sects in Iraq, 27/02/2021, https://www.bayancenter.org/en/2021/02/2162/.

Harith Hasan, The Risks of Deepening Sectarianism in Iraq, Middle East Insights from Carnegie, https://carnegieendowment.org/middle-east/diwan/2024/08/the-risks-of-deepening-sectarianism-in-iraq?lang=en.

**دەستوور**

دەستوری کۆماری عێراق، ساڵی 2005، ماددەکانی 2، 3 و 45.

---------------------------------------------------------------------------------------------------

# Elements of Identity in Iraq after the year 2005

**Prof. Dr. Salih Omar Issa**
Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Sciences, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Salih.issa@su.edu.krd

**Ahmed Babakr Ahmed**
Department of Law, College of Law and International Relations, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Ahmed.babakr@lfu.edu.krd

## Abstract
After 2005, Iraq entered a new phase. The new Iraq represented not merely a shift in the political system or ruling elite, but a transformation of all vital issues. Our research focuses on the change in Iraq's identity. Prior to the collapse of the political regime in Iraq in 2003, the identity representing Iraq was predominantly Sunni. However, following the U.S. invasion of Iraq, the

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

identity that came to represent the country transitioned to a Shiite identity, which encompassed Iraq's entire political agenda, behavior, and aspects. This new identity in the reformed Iraq is composed of various ethnicities and components analyzed in this study: religion, sect, and culture. It is important to note that while there are other elements of this identity, this study has concentrated on these three components.

***Keywords:*** *Iraq, identity, religion, Shi'ism and culture.*

# عناصر الهوية في العراق بعد عام 2005

**ملخص:**
بعد عام 2005، دخل العراق مرحلة جديدة، لم يكن العراق الجديد مجرد تغيير في النظام السياسي أو النخبة الحاكمة، بل كان تغييرًا في جميع القضايا والمسائل المهمة، وكانت قضية بحثنا هي التغيير في هوية العراق. حتى انهيار النظام السياسي في العراق عام 2003، كانت هوية السنة تمثل العراق. وبعد ذلك، مع الغزو الأمريكي للعراق، تم تغيير الهوية التي تمثل العراق إلى الهوية الشيعية، التي تمثل العراق وبرنامجه السياسي وسلوكه وأبعاده بالكامل. هذه الهوية الجديدة في العراق الجديد تتكون من عناصر ومكونات مختلفة تمت دراستها في هذا البحث : الدين ، المذهب والثقافة. وهذا لا يعني أنه لا توجد عناصر أخرى من هذه الهوية، لكننا أخذنا هذه العناصر الثلاثة في دراستنا هذه .